Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10207

# چەمکی خراپە

**دیلمان قادر أحمد[1]        ،        ابراهیم عبدالرحمان محمود[2]**

1- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

2-بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

خراپە بە مانایەکی گشتی بە پێچەوانەی یاخود نەبوونی چاکە پێناسە دەکرێت. هەرچەندە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا زۆرجار بە شێوەیەکی سنووردارتر بۆ باسکردنی کاریگەریی خراپەکاری و دژی چاکەی گشتی بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەتوانێت چەمکێکی فراوانتر بێت.  بەگشتی وەک دیاردەیەک تەماشا دەکرێت، کە بە چەند شێوەی وەکو (خراپەی ئەخلاقی وەک ئەوەی لە بکەرێکی ئەخلاقییەوە سەرچاوەی گرتبێت)، هەروەها (خراپەی سروشتی کە وەک نەخۆشیی و کارەساتە سروشتییەکان دەردەکەوێت) وەرگرتووە. لە کاتێکدا هەندێک جیهانبینی ئایینیی و فەلسەفیی سەرنجیان لەسەر"خراپە بەرامبەر بە چاکە"چڕدەکەنەوە، لە بەرانبەردا هەندێکی دیکەش بوونی خراپە و پێویستی لە وەسفکردنی مرۆڤەکاندا ڕەتدەکەنەوە.

خراپە دەتوانێت کردەیەک یاخود هەڵوێستێکی نائەخلاقی پیشان بدات، بەڵام ناسینەوەی خراپە لەو بارودۆخە دانابڕێت کە کردارەکەی تێدا ئەنجام دراوە، تێیدا ئازار وەکو بەرهەمی ململانێی مرۆڤەکان ڕەگی ڕاستەقینەی خراپەکارییە. پێناسەکانی خراپەکاری جیاوازن، هەروەها دەستنیشانکردن و شیکردنەوە بۆ پاڵنەرەکانیش جیاوازن.  ئەو بنەڕەتانەی کە بە شێوەیەکی باو پەیوەستن بە کەسی خراپەکارەوە بریتین لە کرداری ناهاوسەنگ لەوانە: توڕەیی، درۆکردن، تۆڵەسەندنەوە، ڕق، زەبر و زەنگی دەروونی، گونجاوی، خۆپەرستی، نەزانی...هتد. دواجار بەو هۆیەوە کەسێک یاخود زیاتر دەبنە قوربانی.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

خراپە، ئازار، خراپەکار، قوربانی، ئیرادەی ئازاد

***Corresponding Author***

## پێشەکی:

خراپە وەک دیاردەیەکی پەیوەست بە مرۆڤەوە قسەی زۆری لەبارەوە کراوە، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی زۆر هەیە بۆ دیاریکردنی سنوور و تایبەتمەندێتیی و چەمکەکەی. هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەو بوارە بە گشتی گومانیان لە ئەخلاق هەیە، بەرپەرچی دوو پایەی گرنگی ئەخلاق کە (چاکە و خراپە)ن، دەدەنەوە و، پێیان وایە بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستی نین و لە بنەڕەتەوە بوونیان نییە. بەڵام هەندێکی تریان بە گرنگییەوە لەسەر چەمکە ئەخلاقییەکانی وەک چاکە و خراپە، ڕاست و هەڵە جەخت دەکەنەوە. ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکی تیۆری دەیەوێت لەبارەی چەمکی خراپەوە، لەپاڵ ڕوانینە پێشترەکان، ڕوانینی خۆی بخاتە ڕوو.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دابەشکارییەی کە بۆ بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی چەمکی خراپەوە هەن، چەند پرسیارێکی گریمانەیی دەوروژێنێ، دواتر لە ڕێگەی میتۆدی کارکردنییەوە دەیەوێت وەڵامی ئەو گریمانانە بداتەوە، گریمانەکانیش ئەمانە:

١. خراپە چییە، ئایا پێناسە دەکرێت؟
٢. خراپە بوونی هەیە؟
٣. ئایا هەر یەکێک لە ڕەهەندەکانی (خراپەکار، قوربانی، کرداری خراپ) لە دیاریکردنی چەمکی خراپەدا ڕۆڵیان هەیە؟
٤. ئایا لە ڕێگەی ئازارەوە دەتوانین چەمکی خراپە دیارییکەین؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی (دیاردەناسیی هیرمێنۆتیک) دەبەستێت. چونکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی وەک (خراپە) کە پەیوەستییەکی زۆری بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە، ئەو میتۆدە دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێکی ڕوون و ورد و زانستی. چونکە ڕەگ و ڕیشەی خراپەیەک کە لە ئێستەدا هەیە دیاری دەکات و دەیباتەوە نێو سیاقە مێژوویی و مرۆییەکەی خۆی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ڕوانینی تاک گرنگی و خۆی هەیە لە بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی باشتر لە هەموو ئەو تێگەیشتنانەی پێشتر لە بارەی دیاردەی (خراپە)وە هەبوون.

## ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە باسێکی گرنگی وەک (خراپە) بێنێتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی لە بواری ئەدەبدا، بەم کارەشی دەچێتە نێو پۆلی ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەبارەی چەمکی خراپەوە لە ئەدەبدا بە زمانەکانی تر کراون. لێرەوە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە (ئەوەندەی ئاگادار بین) دەبێتە سەرەتاترین هەوڵ بۆ لێکۆڵینەوە لەو پایە گرنگەی ئەخلاق بە زمانی کوردی لە ڕۆمانەکانی –بەختیار عەلی-دا. بەو هۆیەشەوە گرنگی خۆی هەیە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا کە لە بواری ئەخلاق بە گشتی و (خراپە)دا بە تایبەتی دەکرێن.

## توێژینەوەکانی پێشتر:

لە پێش ئەم توێژنەوەیەوە لەبارەی چەمکی خراپەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراون، بەڵام هەموویان بە زمانی بیانی بوون. واتە بە زمانی کوردی لەو بوارەدا و تا ئەو ساتەی ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوە نەکراوە. لەگرنگترین توێژینەوەکانیش کە ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ بینیون بریتین لە دوو توێژینەوە، کە بە زمانی ئینگلیزی ئەنجامدراون:

- چەمکی خراپە (The Concept of Evil)، ناوی توێژەرەکەی (Marcus G. Singer)ە. ئەم توێژینەوەیە بە گشتی لەسەر چەمکی خراپە دەدوێت. هەروەها جۆرەکانی خراپە بە دوو شێوەی (خراپەی ئەخلاقی) و (خراپەی سروشتی) دیاری دەکات. هەروەها پەیوەندی هەردوو جۆرەکەی خراپە بە ئیرادە و ویستی مرۆڤەوە دیاری دەکات.
- تێگەیشتن لە خراپە (A Conception of Evil)، ناوی توێژەرەکەی (Paul Formosa)یە. ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەر چەمکی خراپە دەدوێ، هەروەها باس لە توخمە پێکهێنەرەکانی تێگەیشتن لە خراپە دەکات، کە ئەوانیش (کرداری خراپ، خراپەکار، قوربانی، بینەر یاخود گەواهیدەر)ن.

## 1. چەمکی خراپە

تا ئەو جێگەیەی کە ئەدەب نەببووە کەرەستەی ڕوانین و لێکۆڵینەوە ئەوا (خراپە) هەمیشە براوەتەوە نێو بازنەی ئایینناسی (Theology) و فەلسەفەوە. بەڵام لەم دواییانەدا ئەدەب وەک هەر دیاردەیەکی تری نێو ژیان و ئەزموونی مرۆڤایەتی لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کرد. بۆئەوەی سروشت و چەمکی خراپە دیاری بکات ڕێگەی تایبەت بەخۆی گرتۆتەبەر. هەڵبەتا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەدەبیش نەبۆتە میکانیزمێکی تەواو کە بتوانێت خراپە وەکو هەبوویەک بناسێنێت، بە دەربڕێنێکی تر ئەدەب نەبۆتە میکانیزمێک بۆ پشکنین و دەرخستنی ئەو هۆکارانەی وا لەکارەکتەرێک دەکەن کە خراپەکار بێت، هەروەها نەشی توانیوە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی خراپە لەلایەک و، خراپەکار لەلایەکی ترەوە بە شێوەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی دیاری بکات؛ بەڵکو ئەدەب بە سروشتی خۆی کاریگەرترین هۆکارە لە شڵەقاندنی ئەو دنیا ئارامەی کە ئاین و فەلسەفە بۆ چەمک و سروشتی خراپە دیارییان کردووە.

لە بنەمای هەرە گرنگی ئەدەب گواستنەوەی پەیام و ماناکانە لە ڕێگەی زمانەوە. یان دەتوانین بڵێین ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ماناکان دابنێ، زیاد و کەمیان بکات و، تا ئەو جێیەی کە دەتوانن ڕاستییەک و بوونێکی جیاواز دروست بکەن، بیانگۆڕێ. هەربۆیە ئەدەب لەڕێگەی زمانەوە دەیەوێت جیهانێکی نوێ دروست بکات کە تێیدا هیچ شتێک بە ڕەهایی نامێنێتەوە. ئەو زمانەشی بۆ نوسینەوەی ئەدەبیات بەکاری دەهێنین پڕە لە وێنە و هێما و میتافۆڕ، کە بۆ وەسفکردن و گوزارشتکردن لە دیاردەکان بەکاریان دەهێنین. هەربۆیە ئێمە ناکرێ ئەو تایبەتمەندیەی زمان لە ئەدەبدا لەبەرچاو نەگرین و، بە چاویلکەی واقیعەوە بۆ هەموو وێنە و هێماکانی بڕوانین. بە تێڕوانینی (ڤیتگنشتاین) دەبێ لەکاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ زماندا سەرنجمان لەسەر ئەو وێنە میتافۆڕیانە بێت کە خودی زمانەکەیان پێکهێناوە، ئەویش بە دوو شێوە دەبێت: یەکەم ئەو وێنانە دیاری بکەین کە واقیعین یاخود ئەرکیان وەسفکردنی واقیعە، هەتا لەو ڕێگەیەوە گرنگی بە چۆنیەتی کارکردنی ئەو وێنانە بدەین کە بەکاریان دەهێنین. دوهەم پێویستە ئاگادار بین کە دەتوانرێت وێنە و میتافۆڕ و هێما جێگرەوەکان بەکاربهێنرێن و، هەندێک جار بەکارهێنانی ئەم جێگرەوانە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی باشتر لە دیاردە و بابەتەکان (بڕوانە: Lycan, 2008, p 175-185).

ئەدەبیات بە زمانێی ڕۆژانە نانوسرێتەوە، بەو واتایەی زمانی ئەدەبیات بەرهەمی خوێندنەوەیە و، بە پێی تێپەڕینی مێژوو گۆڕانی بەسەردا دێت، هەندێک شت ئاشنا دەکات و هەندێکیش نامۆ، هەربۆیە ئێمە ناتوانین وەک ڕاستییەکی ڕووت کە واقیع دەیەوێ پێمانی بدات تەماشای وێنە و مانا وێنەییەکانی نێو زمان لە ئەدەبیاتدا بکەین. ستانلی فیش (Stanley Fish) لەڕێگەی دروستکردنی جیاوازیەوە لەنێوان زمانی ڕۆژانە

لەگەڵ زمانی ئەدەبیاتدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە سەرباری ئەوەی ئەدەب لەئەنجامی جۆرێک لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ (واتە بەچی شتێک بوترێت ئەدەب)، بەڵام جیاواز لە زمانی ڕۆژانە زمانی ئەدەبیات فەرمیترە"ئەدەب لەلایەکەوە نۆڕمەکانی زمانی ڕۆژانە سواو دەکات (لێیان لادەدات)، لەلایەکی تریشەوە زمانی ئەدەبیات لە چینێک گوتەی فەرمی دروست دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەب بەرهەمی شێوازی خوێندنەوەیە، بەو پێیەی شێوازی خوێندنەوە یاخود گرنگیدان بەجۆرێکی ئەدەب هەمیشە جێگیر نییە بەڵکو بە پێی کولتوور و سەردەمەکان دەگۆڕێ، چونکە سروشتی پەیوەندی ئەدەب بە دامەزراوەکانی ترەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە"( Fish, 1973, p 41-54).

ئێمە لە کاتێکدا ڕوو لە دیاردەیەک دەکەین، ئەوا دیاردەکەمان هێناوەتە نێو زمان و ئاگاییمانەوە، لە ئەو چوارچێوەیەشدا چەندین پرسیار و گومان لەسەر ئەو دیاردەیە دروست دەکەین، هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەین، بەڵام هەمیشە بە کراوەیی دەمێننەوە بۆ ئەوەی کەسێکی تر بێت و وەڵامیان بداتەوە، هەربۆیە ئەو دیاردەیە دەبێتە بابەتێکی گرنگی زمان و ئاگایی تاکەکانی تریش، لێرەوە چەمک یاخود سروشتی ئەو دیاردەیە ڕووبەڕووی گۆڕان، یاخود کشان و چوونەنێویەک دەبێتەوە. خراپە (شر-Evil) [1*] یەک لە ئەو دیاردە گرینگەی نێو زمان و ئاگایی ئێمەیە، بەشێوەیەک لەنێو زمانی وێنەیی و میتافۆڕی ئێمەدا بابەتێکی فراوانە و، پرسیار و گومانی زۆری ئاڕاستەکراوە یاخود دەکرێت. هەموو ئەو هێزانەی وەک (ئاین، زانست، فەلسەفە، مێژوو، کولتوور، ئەدەب) کە ئاگایی ئێمە پێکدەهێنن یان بەشێکن لە پێکهاتەی ئاگایی ئێمە، لەبارەی خراپەوە ڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە جۆرێک بابەتی (خراپە) لەبەردەم ڕوانینی ئەواندا بۆ پرسەکانی تایبەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی بۆتە گرفت. هەرئەوەشە وایکردووە کە لێکۆڵینەوە و هەوڵی زۆر بدرێت بۆ ئەوەی سروشت و سەرچاوەی خراپە دەستنیشان بکرێن و، ئەو هۆکارانەشی کە وادەکەن خراپە بێتە نێو جیهانی ئاگایی ئێمەوە دیاری بکرێن.

گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی (خراپە)وە ئەگەرچی ڕەهەندێکی مێژوویی دوور و قوڵی هەیە، بەڵام لەدوای جەنگی دوهەمی جیهانییەوە بووە پرسێکی گرنگ و دیار و بابەتێکی بەنرخی لێکۆڵینەوە فەلسەفی و ئاینی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. چونکە لەوێوە کۆمەڵێک ڕووداوی گەورەی مرۆیی و سروشتی وەکو کوشتن و جینۆساید و، ئەشکەنجە و ئازار، زریان و زەویلەرزە..هتد، ڕوو لە ژیانی مرۆیی دەکەن. خودی جەنگ و دەرهاویشتەکانی لەلایەن زانا کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکان و، فەیلەسووفان و سیاسەتمەدارانەوە وەک خراپە تەماشا کران و لەو بارەیەوە کۆمەڵێک سەرنج و تێڕوانینیان لە چوارچێوەی گفتوگۆ و، وتار و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی و ئەکادیمیدا پێشکەشکردووە، لە گرنگترین ئەرکی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەشدا وەستان بوو لەسەر دیاریکردنی سروشت و چەمکی (خراپە). لەو بارەیەوە دوو چەمکیان بۆ خراپە دیاری کردووە: یەکەم چەمکی تەسکی خراپە ( broad concept)، ئەم جۆرە لە ئەنجامی کارێکی هەڵە یاخود کەموکوڕی تاک (کاراکتەر)ەوە دروست دەبێت، لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕقاویترین جۆرەکانی کردار، کارەکتەر، ڕووداو هەڵدەبژێرێت.. لێرەدا سەرنج دەخرێتە سەر خراپە وەک ئەوەی کە ناچیزەترین جۆری کردار و کاراکتەر و ڕووداوە، تێیدا مرۆڤ بکەری ئەخلاقییە. ئەم چەمکە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئیدانەکردنی ئەخلاقی دەگرێتەوە و بە شێوەیەکی گونجاو تەنیا بکەری ئەخلاقی و کردارەکانی دەگرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر تەنها مرۆڤەکان بکەری ئەخلاقی بن، ئەوا تەنها مرۆڤ دەتوانێت کردەوەی خراپ ئەنجام بدات. خراپە بەم مانایە تەسکترە. زیاتریش دەچێتە ناو ڕوانینە هاوچەرخە ئەخلاقیی و سیاسیی و یاساییەکانەوە. وەک ئەوەی (مارکۆس سینگەر-Marcus Singer) پێی وایە، لێرەدا خراپە بە مانای ڕسوایی و سوکایەتیکردن دێتە بەرچاو(Singer, 2004, p 190).

دوهەم چەمکی فراوانی خراپە (narrow concept) ئەم جۆرەیان دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری تردا: أ-خراپەی سروشتی: ئەم جۆرەی خراپە لە ئەنجامی نیەتی خراپ یاخود کەموکوڕی بکەرە ئەخلاقییەکانەوە دروست نابن، وەک زریان، زەویلەرزە، نەخۆشی ژێرپەنجە. ب-خراپەکاری ئەخلاقی، ئەم جۆرەیان لە ئەنجامی نیەت یاخود کەمتەرخەمی بکەرە ئەخلاقییەکانەوە سەرهەڵدەدەن. کوشتن و درۆکردن نموونەی خراپەکارییە ئەخلاقییەکانن.(Calder, 2022)

لەبارەی چەمکی خراپەوە سپینۆزا پێی وایە هەموو ئەو شتانەی کە لە سروشتدان، یان شتن یان کردارن، مادام خراپە نە شتە نە کردارە، کەواتە لەناو خۆیدا بوونێکی بەرجەستەی نییە(Spinoza, 2002, p 59). ئەوەش لەبەرئەوەیە کە خراپە دیارخەری جەوهەری شتێکی ترە و بوونێکی سەربەخۆی نییە، ئێمە تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ شت یاخود کەسێکی دیاریکراودا دەتوانین بیر لە خراپە بکەینەوە وەک ئەوەی ئێمە بۆ وەسفکردنی شتێکی تر بەکاری دەهێنین: (سەدام خراپە)

[1*] - لە بەرانبەر وشەی (خراپە) لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Evil) و لە زمانی عەرەبیدا وشەی (شر)، لە زمانی فارسیشدا بەهەمان شێوەی زمانی عەرەبی وشەی (شر) بەکاربراوە. بە شێوەیەکی گشتیش لەژێر ناونیشانەکانی (the problem of evil)ی ئینگلیزی و، (مشكلة الشر)ی عەرەبی و، (مسأله شر)ی فارسی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە. بڕوانە: فرهنگ اصطلاحات فلسفه و علوم اجتماعی انگلیسی - فارسی (ماری بریجانیان ، بهاء الدین خرمشاهی)، چاپ دوم، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات، ١٣٧٣، ص٢٨٩.

بۆیە چەمکی خراپە بەهۆی کەسێتییەکەوە دەردەکەوێ کە ناوی (سەدام)ە.

ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ خراپە بخەینە بەر هەستەکانمان (پێنج دەزگاکەی هەستکردن) بەڵکو خراپە لێکەوتەی شتێکی ترە، هەربۆیە ئێمە بابەتێکی ڕەهامان نییە بەناوی (خراپە)وە. لێرەوە دەتوانین بڵێین خراپە شتێکی ڕێژەییە و هەمەکی نییە، لەبەر ئەوە تەنها بەو شێوەیەی جۆن ستاکهاوس ( John Stackhouse) ئاماژەی پێکردووە خراپە بە پلەی یەکەم سیفەت (هاوەڵناو)ە، تەنها لەچوارچێوەی پەتیبوون (abstract)یدا دەبێتە ناو. واتە خراپە بۆ کردارێک یاخود ڕووداوێک و بوونەوەرێک دەبێتە ناو. دواجاریش نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئێمە بەرانبەر بە ئەو شتەی کە بە خراپەی دەزانین تەنها ئارەزووی خۆمانیان لەبارەوە دەردەبڕین، لەبەر ئەوە چەمکی خراپە چوارچێوەیەکی گشتگیر و براوە و دیاریکراوی نییە(John, 1998, p 30-31). هەر بۆیە تەنها ڕوانینە خودییەکانمان نییە کە وایکردووە چەمکی خراپە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نەبێت، بەڵکو تەنانەت جیاوازی کولتوور و کات و شوێن، هەروەها ڕەوتە فەلسەفییە جیاوازەکانی وەک بوونگەرایی (existentialism) و هەڵوەشانەوەگەرایی (deconstruction) پێمان دەڵێن دەربڕینی خراپە دەرئەنجامی بەهاا تاکەکەسییەکانی مرۆڤ یاخود ئەو جیهانەیە کە مرۆڤ سەر بە ئەوە. لەسەر ئەو بنەمایەشی کە هەریەک لە ئێمە سنوورداریتی و کەموکوڕی و کەلێنی هەیە، دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ڕوانینەکانیشمان بۆ دیاریکردنی ئەو چەمکە کەلێن و کەموکورتی هەبێت. (John, 1998, p 31). دەروونناسان و کۆمەڵناسان و فەیلەسوف و توێژەرانی بواری ئەخلاق لەبارەی (خراپە)وە پرسیار و گومانی فراوانیان خستوتە ڕوو، کە ئایا سروشت و بنیاتی خراپە چییە؟ چۆن خراپە بناسینەوە و، سەرچاوەی خراپە چییە؟ ئایا پەیوەندی نێوان خراپە و کاراکتەری خراپە (خراپەکار) چین؟ چ جۆرە کردار و کاراکتەرێکی خراپ دەتوانن بوونیان هەبێت؟ ئاخۆ تا چەندە پێویستە زاراوەی (خراپە) لە بیرکردنەوەی سیاسی و ئەخلاقی و یاسایی خۆماندا بەکار بهێنین؟ ئایا چەمکی خراپە بەسەرنەچووە و پێویست نییە کە وازی لێ بهێنرێت؟

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا بگەڕێین، چونکە بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕێگەیەکی ورد و دروست ئەو ڕێچکەیە دیاری بکەین، کە دەمانەوێ لێیەوە زانیارییەکان لەبارەی خراپەوە پێشکەش بکەین، ئەوا دەبێ ئەو پرسیارانە بە بێ وەڵام نەمێننەوە. هەر لەسەرەتاوە دوو ڕێچکەی دیار هەن کە دەیانەوێ وەڵام بۆ پرسیارەکان بدۆزنەوە، هەر یەکێکیشیان ئارگیۆمێنتی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە (فەلسەفەی گومان--Evil skepticism) و (بزوتنەوەی هەستی ئاینی--Evil revivalism).

ئەوانەی کە گومان لە هەبوونی (خراپە) دەکەن پێیان وایە باشتر وایە واز لە گەڕان و هەوڵ بۆ دۆزینەوە و چەسپاندنی چەمکی خراپە بهێنین، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی باشتر و وردتر لە کردار و کاراکتەر و ڕووداوەکان تێ بگەین. ئەوانە پێیان وایە چەمکی خراپە بە تایبەتی کێشەی هەیە و دەبێت فەرامۆش بکرێت، لە کاتێکدا چەمکە ئەخلاقییەکانی تری وەکو (ڕاست-right) و (هەڵە-wrong)، (باش-good) و (ناپەسەندی-bad) شایەنی گرنگیپێدان و مانەوەن. (Russell, 2006, p 90).

ئەم کۆمەڵەیە لەبەر سێ هۆکار گوومان دەخەنە سەر چەمکی خراپە: ١-چەمکی خراپە پابەندبوونی میتافیزیکی بێ پاساو بە گیانە تاریکەکان و (سەروسروشتی-supernatural) و شەیتان لەخۆ دەگرێ. ٢-چەمکی خراپە بێسوودە چونکە هێزی ڕوونکردنەوەی نییە. ٣- چەمکی خراپە دەکرێ زیانبەخش بێت کاتێک لە بیرکردنەوەی سیاسیی و یاسایی و ئەخلاقیدا بەکاردێت، هەربۆیە نابێت لە ئەو بوارانەدا بەکاربهێنرێت و بیری لێ بکرێتەوە. بەڵام لەبەرانبەردا بزوتنەوە ئاینییەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە (خراپە بە زیندوویی بهێڵرێتەوە) چونکە لە بیرکردنەوەی ئەخلاقیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئێمەدا بەردەوام ئامادەیە. لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ چەمکی خراپە زیندوو بکرێتەوە و گرنگی پێ بدرێت، نەک ئەوەی وازی لێ بهێنرێت. (Calder, 2022).

هەرچۆنێک بێت ڕەتکردنەوەی بوونی خراپە و پەراوێزخستنی ئەو هەوڵەی کە دەیەوێت چەمکی خراپە دیاری بکات، کارێکە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە لەلایەکەوە هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی چەمک و سروشتی خراپە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ گرنگی خۆی هەیە. هەروەها هێشتا ئەوە نەسەلمێنراوە کە چەمکی خراپە ناتوانێت ڕۆڵی ڕوونکەرەوە بگێڕێت. لەلایەکی تریشەوە گەڕاندنەوەی خراپە بۆ کەسێتییەکان، بەو واتایە نایات کە ئیتر ئەو مرۆڤ لە بنەڕەتەوە خراپە و لە باقی ڕەگەزەکانی تری مرۆڤ دابیبڕێن. (Garrard, 2002, p 326)

دیاردەناسی هێرمیۆنۆتیکی وەسفی دیاردەکانی هەستی مرۆیی دەکات بەو شێوەیەی کە هەستگەڵێکی زیندوون. دەیەوێت لە مرۆڤ تێ بگات بەو پێیەی کە بوونەوەری ئەگەرە شیاوەکانە و سیمای ناتەواوی پێوە دیارە و، بوونەوەرێکە لەناودەچێ چونکە خۆی ڕووبەڕووی گۆڕان و مەرگ دەکاتەوە. (ئیبراهیم، ٢٠١٣، لا ٢٣). هەربۆیە مرۆڤ و هەموو ئەو دیاردانەی دەوری مرۆڤیان داوە لە ژێر ئیرادە و ویستی مرۆڤدا خاوەنی سیما و تایبەمەتمەندی و چەمکی ناجێگیر و شڵەقاون، لە نێویشیاندا چەمکی خراپە.

لەبارەی چەمکی خراپەوە سێ جۆر ڕوانین هەن، یەکەمیان ڕوانینی بەهاناسی (axiological)*[2]، کە لێکۆڵینەوەیە لە سروشت و جۆر و پێوەرەکانی دیاریکردنی بەهاکان و بڕیارلێدانیان بە تایبەتی. لێرەدا خراپە (evil) و ناپەسەندی (bad) بە هاوتای یەکتری دادەنێت. ئەمە بە ئەو واتایە دێت هەموو شتێکی نەرێنی لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا وەک (جەنگ و کۆمەڵکوژییەکان) هەتا دەگات بە (وشکەساڵی و زەویلەرزە و نەخۆشییە کوشندەکان) خراپەیە. کەواتە لێرەدا مانای ئاشنای خراپە بریتیە لە پێچەوانەبوونی چاکە یاخود هەموو بیرکردنەوە و کارێک کە مەبەستی لێی چاکە نەبێت. دوهەم بیرکردنەوە لەبارەی خراپەوە بریتییە لە ( trivial moral) واتە ئەو بیرکردنەوەی کە بوونی هەموو بەها و پێوەرەکان بۆ دانانی بەهای ئەخلاقیی و دیاریکردنی ڕاست و هەڵەی هەر بیرکردنەوە و کارێک ڕەتدەکاتەوە و پوچەڵیان دەکاتەوە. بەڵکو ئەو هەموو شتەکان بە دروستی دەبینێت و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ بیرکردنەوە و بڕیارلێدانە خودییەکان. ئەم جۆرەی ڕوانینە پێی وایە خراپە (evil) و هەڵە (wrong) هاوواتای یەکترین. بەو پێیەش دەتوانین (درۆی سپی) و (کۆمەڵکوژی) وەکو یەک بە خراپە بناسێنین. کەواتە هەموو شتێک یان گوتە و کردار و ڕووداوێک دەشێ ڕاست یاخود هەڵە بێت، یاخود دەکرێ شتێکی بایەخدار ئیدی بایەخی خۆی لەدەست دابێت. ڕوانینی سێهەم بریتییە لە سنورداریێتی (restricted) لێرەدا خراپە ئاماژە یاخود ناولێنانی ئەو کردار و هەڵوێستانەیە کە بۆ بکەری ئەخلاقی دەگەڕێنەوە. لەکاتێکدا سنوری خۆیان لە هەڵە (wrong) و ناپەسەندی (bad)یەوە بۆ خراپە دەبرن. نەبردنەسەری بەڵێنێک یان کردنی درۆیەکی سپی ڕەنگە لەڕووی ئەخلاقییەوە هەڵە یاخود ناپەسەند بێت، بەڵام لەگەڵ ئەنجامدانی کاری کۆمەڵکوژی ناچنە ناو یەک قاڵبەوە. لەبەر ئەوە پێیان ناوترێت خراپە، ئەوە لەکاتێکدا کۆمەڵکوژی خراپەیە. (بڕوانە: Singe,2004, p 200-205).

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی چەمکی خراپە وەک کردارێک پێناسە دەکرێت کە هیچ پاساوێک بۆ ئەنجامدانی نییە، چونکە لە بوونی خۆیدا خراپە، ئەوا جیاوازییەکی چەندایەتیی و چۆنایەتیش لەگەڵ چەمکەکانی وەک هەڵە و ناپەسەندیدا دادەنێت، چونکە لە ڕووی چەندایەتییەوە (خراپە) قوڵبوونەوە و دووبارەبوونەوەی زۆری تێدایە، لەکاتێکدا دەکرێ (هەڵە و ناپەسەندی) کەمتر. لە ڕووی چۆنایەتیشەوە کرداری خراپە ئەوەندە قێزەونە کە سنورەکانی کرداری هەڵەی ئەخلاقی تێدەپەڕێنێت. ( Garrard, 2002, p 321).

## 2. خراپە و ڕوانگەکانی خراپەکار، قوربانی، بینەر

زۆربەی تیۆرە ئەخلاقییەکان دەیانەوێت ئێمە بخەنە ناو تێگەیشتنێکی پێشوەختە لەبەرانبەر بە هەر دیاردەیەک یاخود ڕامانکێشنە ناو بڕیارێکی پێشوەختەوە لەبارەی کردارێک، ڕووداوێک یان کەسێک و دامەزراوەیەک...هتد، هەتا لەو ڕێگەیەوە ناسینێکی سەرەتاییمان لەبارەی خراپەوە هەبێت. بە سەرنجدان لە ناواخنی ئەدەب دەبینین ئەو تیۆرە ئەخلاقیانە خۆیان خزاندۆتە نێو هەناوی ئەدەب و ئامانج و بەها ئەخلاقییەکانی پێکدەهێنن، بەشێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە خراپە ئەدەب دەبێتە پێشمەرجێکی گرنگ بۆ تیۆرە ئەخلاقییەکان و، هەموو ڕوانینە فەلسەفیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ئێمە وای دابنێین کە ئەدەب لە چوار گۆشەنیگاوە بۆ خراپە دەڕوانێ، یاخود بە دەربڕینێکی تر بە چوار شێوە دەیەوێت خراپە بناسێنێت:

- لە ڕوانگەی قوربانییەوە (victim): کردارێک یاخود ڕووداوێک بۆ کەسێک کە تێیدا دەبێتە قوربانی، بەتایبەتی لەڕێگەی ڕادەی ئەو زیانەی کە لە ئەنجامی کار یاخود ڕووداوەکەوە پێی گەیشتووە.
- لە ڕوانگەی خراپەکارەوە (villain) یان (evil-doer): پاڵنەرێک یاخود ویستێک کە وای لە کەسێک کردووە کارێکی خراپ ئەنجام بدات.
- لە ڕوانگەی بینەر (شاهید) ی ڕووداو یاخود کردارەکەوە: شتێکە لەبارەی ئێمەوە وەک تەماشاکەر یان هەڵسەنگێنەری کردەوەیەک، وەک نەتوانینی تێگەیشتنمان بۆچی کردارەکە ئەنجامدراوە یان هەستکردنمان بە ترسی تەواو یان بێزاریمان لەکاتی بیرکردنەوە لە کردارەکە، کە وا دەکات کردەوەیەک تەنها هەڵە (wrong) نەبێت، بەڵکو بە تەواوی خراپە (evil) بێت.
- لە ڕوانگەیەکی تێکەڵەوە ( Combination Conception of Evil): کۆمەڵێک هۆکاری تێکەڵ کە لە هەرسێ ڕوانینی (قوربانی، خراپەکار، بینەر)ەوە هەڵدەبژێردرێن و، لەو ڕێگەیەشەوە کردار یاخود ڕووداوێکی هەڵە کە ڕوویداوە وەک خراپە تەماشا دەکرێت. (بڕوانە: Formosa, 2008, p 218-230)

ڕەنگە ئێمە نەتوانین بە چەمکێکی ڕوونی خراپە بگەین، بەڵام ئەوش ناکاتە ئەوەی کە بیر لە هەبوونی خراپە

---

*[2] ) زۆرجار پێی دەوترێت تیۆری بەها(theory of value)، بەهاناسی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە لە چاکە یان بەهای شتێک. زۆرجار بەو پرسیارە دەست پێدەکات "ئەگەر من کەسێکی باش بوومایە چیم دەکرد؟" ئامانجی ئەم ئاراستە ئەخلاقییە ناسینەوەی فەزیلەتە ئەخلاقییەکانە. ئەرستۆ، یەکێک لە سەرەتاییترین لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، دادپەروەری، میانڕەوی و بەختەوەری وەک فەزیلەتێکی سەرەکی دەستنیشان کردووە. فەلسەفەی ئەخلاقی ئەو سەرنجی لەسەر کاراکتەری کەسی بوو نەک لەسەر یاسا یان دەرەنجامە گشتگیرەکان. فەزیلەتە سەرەکییەکانی وەک بوێری، بەزەیی و دڵسۆزی ڕێنمایی کردەوەی ئەخلاقی دەکەن و ئامرازێکن لە هونەری ژیانکردنێکی باشدا. زیاتر بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم فەزیلەتانە تەنیا لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی بەردەوامەوە دەتوانرێت پەرەیان پێبدرێت.

نەکەینەوە، چونکە کاتێک دەمانەوێت بە شێوەیەکی پەتی (درۆکردن) بە خراپە وەسف بکەین، ئەوکاتە دەکەوینە نێو جۆرێک لە ئاڵۆزی و سەرلێشێواوییەوە، چونکە دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین کە (درۆی سپی) خراپە نەبێت، یان لانیکەم دەکرێ کارێکی هەڵە بێت، بەڵام ناکرێ وەکو خراپە تەماشای بکرێت. ئەوە لەکاتێکدا ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی پەتی (کۆمەڵکوژیی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان) بە خراپە پێناسە بکەین.

ڕەگوڕیشەی خراپە زۆر و هەمەجۆرن، تەنانەت دەکرێ هەندێکجار نەبوونی خۆبەگەورەزانین و ئایدۆلۆژیا و ئیمان سەرچاوەی خراپە بن. لەکاتێکدا پاڵنەرەکانی وەک شەرەف و بێزاری نەبنە سەرچاوەی خراپە. ئەگەرچی زۆرجار ڕق و کینە دەبێتە سەرچاوەی خراپە، بەڵام هەندێکجار دەشکرێ سەرچاوەی خراپە نەبن. لەوانەیە هەندێک لەو کەسێتیانەی کە خراپە دەکەن پێیان وابێ ئەرکی خۆیان یان ئەوەی کە بەڕاستی دەزانن ئەنجامی دەدەن، ئەگەرچی لە بنەڕەتیشدا خراپە ئەنجام دەدەن. لەبەرانبەریشدا هەندێک کەسێتی خراپەکار هەن کە بە ڕاستەقینەیی خراپەکارییەکەیان خۆشحاڵ و شادومانن و قەبوڵیانە، چونکە هەر بۆخۆیان خواستیان لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارەیە کە خراپەیە. کەواتە مرۆڤەکان بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک پاڵنەری تایبەت بەخۆیان هەیە، هەربۆیە لە ڕووی چەندێتیی و لە ڕووی چۆنیەتیشەوە ڕەگوڕیشەی خراپە زۆر و هەمەجۆرن و بە ئاسانی سنوریان دیاری ناکرێت، چونکە کردارێک و پاڵنەرەکەی دەکرێ لە کات و شوینێک و کولتوورێکی دیاریکراودا خراپە بن، بەڵام لە کات و شوێنێک و کولتوورێکی تردا وەک خراپە تەماشا نەکرێن.

گای ئادەمس (Guy Adams) و دانی بالفوڕ (Danny Balfour) هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی قوربانییەوە پێناسەی (خراپە) بکەن و لەگەڵ ئێش و ئازار (pain and suffering) یەکسانیان کردەوە بەوەی لە ڕوانینی ئەواندا خراپە واتە ئەوەی کە مرۆڤێک مرۆڤێکی تر توشی ئێش و ئازار بکات. (Adams and Balfour, 1998, p xix).

هەڵبەتا ئەو ڕوانینەی سەرەوە ڕێژەییە، چونکە ئازاردانی کەسێک لەلایەن کەسێکی ترەوە هەموو کاتێک وەک خراپە دەرناکەوێت، بۆ نموونە دوکتۆرێک کە کەسێک نەشتەرگەری دەکات، ئازاری پێ دەگەیەنێت، بەڵام مەبەست لێی چارەسەرکردنییەتی و ئازارەکە لە پاڵنەرێکی چاکەوە سەرچاوەی گرتووە. یان ڕاهێنەرێکی وەرزشی (وەرزشە جەنگییەکان) فێرخوازێکی خۆی ماندوو دەکات و ئازاری پێ دەگەیەنێت، ئەویش بۆ ئەوەی لە بوارەکەی خۆیدا بەرەو پێشەوەی ببات.

فرێد کاتز (Fred E. Katz) خراپە وەک ڕەفتارێک پێناسە دەکات کە "مرۆڤە بێتاوانەکان لە تایبەتمەندێتی مرۆیی بوونی خۆیان بێبەش دەکات، لە هێرشی بچووکەوە بۆ سەر کەرامەتی کەسێک دەست پێدەکات هەتا کوشتنی ڕاستەوخۆی کەسەکە"(Katz, 1993, p 5).

بەڵام ئەو چەمکەی (فرێد) دەیەوێ بیبەخشێت بە (خراپە) فراوانە، بە شێوەیەک کە دەکرێ لە درۆی سپییەوە هەتا ڕادەی کوشتن بگرێتەوە، کە ئەمەش بۆخۆی لەبەرانبەر چەمکێکی ڕوونی خراپەدا توشی ئاڵۆزیی و سەرلێشێواویمان دەکات. کەواتە ڕوانین بۆ چەمکی خراپە (تەنیا) لە گۆشەی ئازاری قوربانییەوە نامانگەیەنێتە چەمکێکی دروست بۆ خراپە، چونکە ئەو ئازارەی کە قوربانییەک بەهۆی کەسێکی ترەوە تووشی دەبێت، لە هەموو کاتێکدا ناکرێ وا پێشبینی بکرێت کە لە ویستێکی خراپەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نموونە: کەسێک بەهۆی مردنی ئازیزێکییەوە بێزارە، بۆ دەربازبوون لەو بێزارییەی پەنا دەباتە بەر خواردنەوەی (مەی) لە ئەنجامدا سەرخۆش دەبێت، دواتر ئۆتۆمۆبیلەکەی بە خێراییەکی زۆر و نارێک لێدەخوڕێت و خۆی دەکێشێ بە ئۆتۆمۆبێلێکدا، لە ئەنجامدا خێزانێکی چوارکەسی کە دایک و باوک و دوو منداڵن لە ئۆتۆمۆبیلەکەی تردا بەهۆی ڕووداوەکەوە دەمرن. دوای ئەوەی کەسی یەکەم بەئاگا دێتەوە و دەزانێ چی کردووە هەستی تاوان و شەرمەزاری و پەیشمانی تێدا دەردەکەوێت. ئالێرەدا کەسی یەکەم کە بەسەرخۆشی سەیارەکەی لێخوڕی و بووە هۆی مردنی خێزانێکی چوارکەسی ئەوا خراپەکار نییە، چونکە لە ئەنجامی ویستێکی خراپەکارییەوە ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو کارێکی هەڵەی کردووە. لێرەدا ئەم نموونەیە کەموکوڕی ڕێبازی قوربانی دەردەخات کە تەنیا قەبارەی زیان و ئازارەکەی ناتوانن چەمکێکی ڕوونی خراپەمان بۆ دیاری بکەن، چونکە لانیکەم بڕیاردان لەسەر خراپی ئەو ڕووداوەی سەرەوە لە ڕوانگەی دەروونناسیی خراپەکار و پاڵنەرەکانییەوە پەیوەندی بە بڕیارلێدانی ئێمەوە هەیە.

لێرەوە لەوانەیە بتوانین بڵێین بۆ تێگەیشتن لە چەمکی خراپە باشتر و گونجاوتر وایە لە ڕوانگەی (خراپەکار)ەوە شیکردنەوە بۆ ئەو هەڵوێست و کردەوە ئەخلاقیانە بکەین، کە بکەری ئەخلاقی (خراپەکار) لێیان بەرپرسە، چونکە وەک دەگوترێت "مرۆڤ -بمانەوێت و نەمانەوێت- بنچینەی ئەو کارایی و وێرانکارییەیە کە ناوجەرگەی بوون هەڵدەکۆڵێت و ژارێکی پیس دەڕێژێتە ناوی و مەرگ و نەبوون و لەناوچوون بەناو بووندا بڵاو دەکاتەوە!"( ئیبراهیم، ٢٠١٣، لا ٧٥).

هێنا ئارێنت (Hannah Arendt) و، دەیڤید پۆکۆک (David Pocock) پێیان وایە "ناتوانرێت کردەوەی خراپە لە ڕێگەی شیکردنەوەی پاڵنەرە ئاساییەکانی وەک بەرژەوەندی کەسی (self-interest)، چاوچنۆکی (covetousness) چڵێسی (greed)، وەڕسبوون (resentment)، ترسنۆکی (cowardice) یان ئارەزووی جووتبوون (lust) و هێز

(power) ڕوون بکرێنەوە" (Jeffery, 2008, p 165. هەروەها بڕوانە: Pocock, 1985, p 51). ئەوە لەکاتێکدا ڕوانینی دەروونناسی بۆ کەسێتی خراپەکار هەموو ئەو پاڵنەرانە بۆ دانانی پڕۆژەی خودیی و کێبڕکێی تاک بۆ مانەوە و بەردەوامبوون و گەشەکردن بە گرنگ دەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە دوور نییە هەموو ئەو پاڵنەرانەش لە بارودۆخێکی دیاریکراودا وا لە خاوەنەکەی بکەن سەر بۆ خراپەکاری بکێشێت.

ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە بپرسین چۆن کرداری خراپ بناسین و خراپەکار کێیە؟ لەوبارەیەوە مۆرتۆن (Morton) ئەوە دەخاتە ڕوو، کرداری کەسێک خراپە کە لە ڕێگەی ستراتیژ یاخود فێربوونەوە (learned) ڕێگە بەخۆی دەدات بە ئەنقەست کردارەکان ئەنجام بدات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو زیان و سوکایەتییەی کە بە کەسانی تری دەگەیەنێت. (Morton, 2004, p48-49 هەروەها بڕوانە: ئیبراهیم، ٢٠١٣، لا ١٦٦-١٦٧).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئاخۆ لەڕووی دەروونناسی خراپەکارەوە دەگەینە ئەوەی کە بە ڕوونی چەمکی خراپە دیاری بکەین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە نموونەیەک دەهێنینەوە: کەسێک برسییەتی، پاڵنەری برسێتی وای لێ دەکات بچێ بۆ ئەوەی دزی لە دوکانێک بکات، هەتا لەو ڕێگەیەوە برسێتییەکەی نەهێڵێت، لە ئەنجامدا کەسەکە دزییەکەی ئەنجام دەدات، بەڵام ئاخۆ ئەوە بە خراپە لەقەڵەم دەدرێ؟ چونکە سەرباری ئەوەی بە پێی هەندێک لەو تێڕوانینانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە ئەو کەسە هەڵەیەکی ئەنجام داوە، هەروەها کەسەکە خۆی بە خراپەکار نازانێت و پێی وایە کارەکەی نە هەڵە بووە و نەخراپەش. هەربۆیە لەبابەتێکی لەو شێوەیەدا (ڕوانگەی خراپەکار) بۆ دیاریکردنی چەمکی خراپە توشی کەموکوڕی دەبێت و وەڵامێکی ڕوونمان ناداتێ.

لێرەوە مادام هەردوو ڕوانگەی (قوربانی) و (خراپەکار) بۆ دیاریکردنی چەمکی خراپە کورت دەهێنن، ئەوا بە هەمان شێوەش ڕوانگەی (بینەر) کورت دەهێنێ، چونکە هەر سێ پێکهاتەی (قوربانی، خراپەکار، بینەر) لە یەکتری جیاوازن و ناتوانن لەیەکتری نزیک ببنەوە. هەربۆیە تاکە ڕێگەی گونجاو بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە چەمکی خراپە بریتییە لە (ڕوانگەی تێکەڵاو). ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە لانیکەم دەبێ سێ پێکهاتەی بنچینەیی لەو ڕوانینە تێکەڵاوەدا هەبێت:

١. خراپەکار: لە چوارچێوەی شێوازی ئەو کردارانەی کە خراپەکار ئەنجامیان دەدات چی شتێک وا دەکات کە شایەنی ئەوە بێ لەلایەن ئێمەوە ئیدانە بکرێت.
٢. ناڕەوایی کردارەکان: ئەمەش واتە چی شتێک وا لە کردەوەکان دەکات کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ناڕەوا بن.
٣. قوربانی: دەبێت قوربانی هەبێت هەتا لەڕێگەی بڕی ئەو زیانەی کە بەر قوربانی دەکەوێ ڕادەی قێزەونی کردارەکان لەڕووی ئەخلاقییەوە دیاری بکرێن.

ڕوانگەی تیکەڵ بۆ دیاریکردنی چەمکی خراپە لەلایەن بەشێک لە فەیلەسووفەکانیی بواری لێکۆڵینەوە لە خراپە گرنگی پێدراوە، لەوانە جۆن کیکس (John Kekes)، ئەو پێی وایە کرداری خراپە لە سێ بەش پێکدێت ئەوانیش بریتین لە "پاڵنەری خراپە، ئەو زیانە لە ڕادەبەرەی کە بە هۆی کردارەکەوە دروستبووە و، هەروەها نەبوونی پاساوێکی ئەخلاقی قبوڵکراو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە" (Kekes, 2005, p 2). هەبوونی ئەم سێ پێکهاتەیە بە شێوەی هاوبەش گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕێگەیەوە کردارێکی خراپی پێ بناسینەوە و ئیدانەی بکەین. کیکس تەنها هەبوونی پاڵنەر بە پێوست نازانێ، چونکە هەندێک کار و کردەوە ئەگەرچی پاڵنەرێکی خراپیشی هەبێت و زیانی زۆری لێ بکەوێتەوە لەوانەیە هەر خراپ نەبێت ئەگەر هاتوو بیانووی ئەخلاقی هەبێت، یاخود بۆ دوورکەوتنەوە لە زیانێکی زیاتر بێت؛ بۆ نموونە (دزیکردن لەپێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵێک کەس لە برسێتی و مردن) بە خراپە لەقەڵەم نادرێ، چونکە ڕزگارکردنی کەسەکانی تر لە برسێتی بیانوویەکی ئەخلاقییە. هەربۆیە کیکس گەیشتە ئەو ئەنجامەی بۆ ئەوەی کە کارێک بەتەواوی وەک خراپە دەربکەوێت پێویستی بە پاڵنەر و دەرئەنجام و نەبوونی بیانووی ئەخلاقی هەیە. (Kekes, 2005, p 2).

لەلای مارکۆس سینگەر (Marcus Singer) کرداری خراپ ئەوەیە کە بۆسەر گیانی کەسانی تر ترسناکە و دەبێتە مایەی ئازار بۆیان، لەوبارەیەوە دەڵێ:"کردەوەگەلێکن کە بە شێوەیەکی ترسناک هەڵەن و، دەبنە هۆی ئازارێکی بێ ئەندازە و، بە ویستێکی خراپ یان لە پاڵنەرێکی خراپەوە ئەنجام دەدرێن، ویست یان پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی شتێکی ترسناک دواجار دەبێتە مایەی ئازاردانی کەسانی تر". (Singer, 2004, p 193).

دەکرێ ئەوەش بپرسین بۆچی دەبێ تەنها لەسەر ویست و پاڵنەری خراپەکار (وەک ئەوەی کیکس و سینگەر خستوویانەتە ڕوو) بوەستین؟ تۆ بڵێی هۆکارەکانی تر پەیوەندییان بە هەڵسەنگاندنی ئێمەوە بۆ کردەوەیەکی خراپە نەبێت؟ بەڕاستی کۆمەڵێک هۆکار هەن کە پەیوەندیدارن، بەڵام بۆ حوکمدان لەسەر کردەوەیەک بە خراپە نە پێویستن و نە بەسیشن. ئەو هۆکارانەش بریتین لە ئاراستەکردنی ویستی خراپەکاران؛ جۆر و بەهێزی پاڵنەرەکە؛ ئەو کاریگەرییەی کە کردارە

زیانبەخشەکە لەسەر تاوانبارەکە هەیەتی؛ ڕادە و سروشتی ئەو زیانەی کە مەبەستی لێی بووە؛ سروشتی ئەو دۆخەی کە کردەوەکە تێیدا ئەنجامدراوە و؛  وردەکاری بارودۆخی تاوانباران. لە کاتێکدا هەموو ئەم هۆکارانە پەیوەندیدارن، بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا بە شێوەیەکی یەکسان پەیوەندییان نییە. لە بارودۆخە جیاوازەکاندا ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز کەم یان زۆر پەیوەندیدار بن.

مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەمیشە لە بارودۆخێکی نائارام و ناسەقامگیردا دەژی و لەو چوارچێوەیەشدا هەست بە ناتەواوی لە بوونی خۆیدا دەکات، هەربۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بەسەر ناتەواوییەکانی خۆیدا زاڵ بێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە بوونی مرۆڤ دیاردەیەکی ئاڵۆز بێت و پڕبێت لە دژیەک، لەوێشەوە بوونی مرۆیی خۆی بخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، بەجۆرێک هەمیشە پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێ وەک چۆن دەتوانێ هێزێکی چاکەکار بێت، هەر بە ئەو شێوەیەش دەتوانێ ببێتە وێرانکەر و ئازار دروست بکات. کەواتە وەک چۆن مرۆڤ ئاگاداری ڕاستیی و بەها ئەخلاقیی و نموونە باڵا مرۆییەکانە، دەشکرێ ئاگاداری جیهانی درۆکردن و فێڵ و تەڵەکە و بێویژدانیی و ئازاردانی ئەوانی تر بێت.

گرنگە ئاماژە بە ئەوە بکەین، هەڵوێست و باوەڕی خراپەکار لەبارەی ئەوەی ئەو کارەی کە کردوویەتی یان بەشداری تێدا کردووە با گەورەترین زیانیشی لێکەوتبێتەوە، بەڵام هەر خراپ نییە؛ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە دەرئەنجامەکەی بریتییە لە کارێکی نائەخلاقیی و خراپەی لێکەوتۆتەوە. کەواتە ئێمە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین چەمکی خراپە بریتییە لەوەی کە بە ئەنقەست ئێش و ئازار توشی کەسێک بکەیت، بە پێچەوانەی وستی ئەو (قوربانی)، لە ئەنجامیشدا زیانێکی زۆری پێشبینیکراوی پێ بگەیەنیت. دەبێ ئەوەش بزانین کە زیان چەمکێکی فراوانی هەیە و بچوکترین هەوڵیش بۆ سنووردارکردنی ئەوەیە کە زیان"هەموو جۆرە ئازار و برینداربوونێکی جەستەیی و دەروونی و، مەترسی بۆسەر بەرژەوەندییەکان و، ئابڕووبردن و سوکایەتی پێکردن دەگرێتەوە"4 Scarre, 2004, p) ).

لەو بارودۆخەدا ئازاردانی دەروونی کەسانی تر بە جۆرێکە کاریگەری و برینەکانی قوڵتر و بە سوێترە وەک لەو ئازار و برینانەی بەر لاشە دەکەون. هەر بەو شێوەیەی کە سوزان لی ئەندرسن (Susan Leigh Anderson) دەڵێ:"ئازاری دەروونی زۆرجار دەتوانێت ئەشکەنجەی جەستەیی تێبپەڕێنێت".(Anderson, 1990, p 45).

باومستەر (Roy F. Baumeister) پێی وایە چوار هۆکار یاخود چوار پاڵنەر بۆ سەرهەڵدان و ئەنجامدانی خراپە هەن، کە ئەوانیش بریتین لە ئارەزووی سادە بۆ قازانجی ماددی، خۆپەرستی هەڕەشەئامێز، خەیاڵ، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و تێرکردنی چێژی سادیستی( Baumeister, 1997, p 376-378). خراپەکار هیچ هەست و سۆزێکی ڕاست و دروستی نییە و ناتوانێ هاوسۆزیی دەربڕێ. هەست بە پەشیمانی ناکات و ناشیەوێت لەوە تێ بگات کە بوونی هەیە.

مرۆڤ ئەوە دەزانێت کە هەمیشە لە نێوان ئارەزوو و ئاگاییدا جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە. ئەوەش دەزانێت کە هەندێکجار هەندێک حەزی هەیە پێویست ناکات هەیبێت و هەوڵی بەدیهێنانیان بدات، چونکە لە ئاگایی ئەودا وەک خراپەیەک خۆی پیشان دەدات و دواتریش دەبێتە هۆی پشێوی و نائارامی لەناوەوەیدا. بەڵام سەرباری ئەو ڕاستییەش (کە دڵنیایە کارەکە لەخۆیدا خراپە) هێشتا مرۆڤ ناتوانێ خراپە وەک چاکە تەماشا بکات، ڕەنگە خۆی ڕازی بکات بەوەی کە مەبەستە خراپەکانی باشەن، بەڵام جۆرێک لە دڵنیاییشی هێشتا لەخۆیدا هەڵگرتووە کە پڕۆژەکەیی و ئامانجی پڕۆژەکەشی هەر خراپەیە.

لەوبارەیەوە کانت پێی وابوو کە نیازباشی شتێکی دیار و سەپێنراوە بەو شێوەیەی کردنی کارێکە کە لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕاستە، چونکە لە بنەڕەتەوە کارەکە خۆی ڕاستە. ئەو کارەشی کە لە بنەڕەتەوە خراپە، ئەوا ئەنجامدانیشی هەر لە مەبەستێکی خراپەوە سەرچاوە دەگرێ، دواجاریش لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئەنجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی کارەکە لەخۆیدا خراپە و پێچەوانەی یاسا و بنەما گشتییە ئەخلاقییەکانە. لەئەنجامدا، هەڵبژاردەی ئەخلاقی کە ڕووبەڕووی بکەری ئەخلاقی دەبێتەوە، یان ملکەچکردنی هەموو ڕاستییەکانی (maxims) ترە بۆ یاسای ئەخلاقی، یان ملکەچکردنی یاسای ئەخلاقییە لەگەڵ هەموو ماکزیمێکی تردا بۆ گۆڕاوێکی (بدیل) خۆویستی (egoistic alternative). ڕاستییەکە ئەوەیە کە بکەرە مرۆییەکان، هەرچەندە ئاگاداری یاسا ئەخلاقییەکانن، بەڵام لادانی ناوبەناو لێیان خۆیان وەک ڕاستی تاکەکەسی جێگیر دەکەن، هەربۆیە کاتێک کە بکەرێک بەهەڵە پێداویستییەکانی ئەخلاق دەخاتە ژێر کاریگەری پاڵنەری خۆبەزلزانین (self-conceit) با زۆر بچوکیش بێت ئەوا ئەنجامەکەی خراپەکاری ڕێشەییەز ( Kant, 1996, p 70).

(سینگەر) پێی وایە کردارە خراپەکان لەسەر ئەو چەمکەی کە خۆی پەرەی پێ دەدات، ئەو کردارانەن کە زۆر هەڵەن، دەبنە هۆی ئازارێکی زۆر و لە نیازێکی خراپ یان پاڵنەرێکی خراپەوە سەرچاوە دەگرن. واتە مەبەست یان پاڵنەرێکی نادروست کە ببێتە هۆی بێڕێزی و ئازارێکی زۆر بۆ کەسانی دیکە" (Singer, 2004, p 205).

لە ئەخلاقی دینیدا خراپە زاراوەیەکە ئاماژە بۆ لایەنی نەرێنی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات. واتە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی ویستێکی شەیتانی و

بە مەبەست دەیانەوێ ئاشوب و وێرانەکاری دروست بکەن و ببنە مایەی ئازار بۆ ئەوانی تر. مرۆڤ بە سروشتی خۆی چاکەی ڕەهایە ئەوەش لەچوارچێوەی ویستی خودا بۆ بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێ: (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) [التين:4] مرۆڤمان بە باشترین و جوانترین شێوە دروستکردووە. بەڵام بەهۆی هەڵە و کردەوەی خراپەوە لە پلەی شکۆمەندییەکەیمان کەمکردەوە و خستمانە ڕیزی پلە نزمەکانەوە: (ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ) [التين:٥].

کەواتە ڕوانینی ئیسلام بۆ مرۆڤ چاکەیە، چونکە بە سروشتی خۆی چاکە. بەڵام بەهۆی خراپەوە کە لە بنەڕەتدا توخمێکی ڕاگوزەرەو و دەبێتە بەشێک لە ژیان و کردەوەکانی، واتە لە سەرەتاوە بەشێک نەبووە لە پێکهاتەی بونیادی مرۆڤ خۆی. واتە خراپە لە ئەنجامی دوودڵی و کەمووکورییەکانی مرۆڤ خۆیەتی. خودا هێزی پارێزگارییە لە مرۆڤ لە بەرانبەر بە ئەو خراپانەی کە مرۆڤ خۆی دایانی هێناوە: (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ * مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ) [الفلق: ١-٢] ئەی مرۆڤ داوای پەنا و هاوکاری لە خودا بکە بۆ ئەوەی لە خراپەی دروستکراوەکانی بتپارێزێت.

لە کۆتاییدا دەبێت پەیوەست بە هەموو ئاڵۆزییەکانی ئەو بارودۆخەی کە کردەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ڕەچاوی بارودۆخی خراپەکاران لەبەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی هیچ مرۆڤێک لە بۆشاییدا نامێنێتەوە. کۆمەڵێک ڕایەڵەی پەیوەندی لەنێوان دۆخ و ڕەفتاری تاکدا هەیە (هەندێک بارودۆخ سەرچاوەی خراپەن، وەک چۆن هەندێک بارودۆخیش هەن کە هاندەری خراپە نین)، شەڕ و قاتوقڕیی و برسێتی و هەوڵدان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان، نادادپەروەری و نەبوونی پەروەردەیەکی باڵا، نەبوونی سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسی کە لەئاستی وەڵامی هاونیشتمانییەکانیدا بێت؛ هۆکارن بۆ خراپەکاری. دەکرێ خراپەکار لە هەناوی پەروەردەیەکی توند و دوور لەسۆزدارییەوە هاتبێتە دەرێ. ئەگەرچی ناکرێ پێمان وابێت کە ئەم بارودۆخە لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو کەسێکدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی خراپەیە، بەڵام دەکرێ بۆ تێگەیشتن لە خراپەکار و کردەوەکانی هەموو ئەو بارودۆخانە لەبەرچاو بگیرێن.

وەک ئەوەی لە پێشتر ڕوونمان کردەوە بەهۆی ئەو سێ پێکهاتەیەوە (قوربانی، خراپەکار، بینەر) دەگەینە ئەم چەمکە تێکەڵەیەی خوارەوە: خراپە کردەوەیەکی هەڵەیە کە ئەنجامدەری ئەو کردەوەیە لانیکەم بەرپرسیارە لەوەی کە تاکەکانی تر بەهۆی ئەوەوە توشی تێکچوونی ژیانیان دەبن تا ڕادەی لەناوچوون. لەبەر ڕۆشنایی هۆکارە پەیوەندیدارەکانی وەک (ویست، پاڵنەر، زیان و کاریگەرییەکەی، بارودۆخی خراپەکار)ەوە بڕیار لەسەر خراپەکار دەدەین. بەو جۆرە کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەندیدار بەشێکن لە بڕیاری ئێمە سەبارەت بە سروشتی خراپەی کردارێک یان دیاریکردنی چەمکی خراپە.

## ٣. چەمکی خراپە و پەیوەندی بە بوون و نەبوونی خراپەوە

ئێمە وەک هەر دیاردەیەکی تر کاتێک دەمانەوێت چەمکی خراپە دیاری بکەین ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەبێت لە بوونی دڵنیابینەوە، واتە گرنگە ئامادەیی خراپە وەک هەر دیاردەیەکی تر لە ژیانی ئێمەدا هەستی پێبکرێت و بەر ئەزموونمان بکەوێت. بۆ ئەوەی بتوانین ڕوون و ڕەوان پێی بگەین و لێی تێبگەین ئەوا دەبێ وەڵامی پرسیارگەلێکی وەکو خراپە چییە؟ ئایا ڕاستییەکە و بوونێکی سەربەخۆی هەیە؟ یان دەرکەوتەی شتێکی ترە و بوونێکی سەربەخۆی نییە؟ ئایا ئەو شتە یاخود ئەو بابەتەی کە لە ئەزموونی ئێمەدا وەک خراپە ناسیومانە لە بوونی خۆیدا خراپە؟ یان ئەوەتا لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراو و بارودۆخێکی تایبەتدا وەک خراپە دەردەکەوێت؟ یاخود لەڕاستیدا ڕەنگە شتێک بە خراپە هەژمار بکرێت کە لە بنەڕەتەوە متمانەمان بە پێکهاتە و چۆنیەتی ڕێکخستن و شێوەگرتنی جیهانەکەمانەوە دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە؟!

پیتەر بێرگەر (Peter Berger) و تۆماس لوکمەن (Thomas Luckmann) بە تایبەتی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕوونکردنەوەی خراپە پێویستە بۆ ئەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان توانای مانەوەی خۆیان لە بەرامبەر هێزە ئاژاوەگێڕەکاندا بەدەست بهێنن.( Berger and Luckmann, 1991, p 165-166). کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە خراپە بوونی هەیە و، ڕوونکردنەوەشی گرنگ و پێویستە و کاریگەری لەسەر هەر تاکێک و تەواوی مرۆڤایەتیش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا (خراپە) بەپێی جیاوازی (کات، شوێن، کولتوور) ئەویش شێوە و بونیادی جیاواز لەخۆی دەگرێ، بەشێوەیەک وەک ئەوەی ئامێلی ڕۆتی(Amélie Rorty) تایبەت بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا خستوویەتیە ڕوو، خراپە و پەیوەندی بە کۆمەڵگە و کاتە جیاوازەکانەوە شێوە و بونیادی جیاوازی هەیە:

- ئەفلاتونی نوێ (The Neo-platonic): خراپە بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە چاکە، یاخود نکوڵیکردن لە بوونی چاکەیە، کەواتە خراپە ئەوەیە کە دژی چاکە بێت.
- عەدلی ئیلاهی و یەکتاپەرستی ( Theodicy and coherentism): دەتوانرێت خراپە وەک بەشێک لە پلان و بەرنامەی خودا بۆگەردوون و ئەنجامی پەیوەندی ئەوەوە بە جیهانەوە تێبگەین.
- مانەویانیزم (Manichaeanism): خراپە لەگەڵ چاکە هێزێکی یەکسان و هاوتەریبن، بە درێژایی مێژوو لە دژی یەکتری دەوەستنەوە.
- عەقڵانیەتی باوەڕدار-ئاینخواز (Pious rationalism): عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت لە خراپە تێبگات، بەڵام عەقڵ

وای دادەنێ کە خودا هێزی ڕوونکردنەوەی ئەخلاقی مرۆڤی هەیە.

- ڕەشبینی (Pessimism)[3*]: خراپە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، بەڵام ژیان هیچ مانایەکی نییە و ناتوانین لێی تێبگەین.
- ئەندێشەیی، نەبوون (Non-existent): لە ڕاستیدا خراپە بوونی نییە؛ جگە لەوەی مرۆڤ نارەزایەتیی بابەتیانەی خۆی لە کردار و ڕووداو و پرۆژەکانیدا بەرجەستە دەکات. (بڕوانە: Rorty, 2001, p xviii-xi).

کەواتە دەتوانین بڵێین کە ڕوانین و گۆشەنیگا فەلسەفییەکان لەبارەی بوون و نەبوونی خراپەوە دابەش دەبن بۆ دوو گروپ، گروپێکیان پێی وایە خراپە بوونێکی سەربەخۆ و بابەتیی هەیە، گروپەکەی تریش پێیان وایە خراپە بریتییە لە نەبوونی چاکە. (عامری، ٢٠٢١، لا ١٣١).

ئەوانەی جەخت لەسەر بوونی خودا دەکەنەوە، هاوکات هەر ئەوانەشن کە پێیان وایە خراپە لە جیهاندا بوونی هەیە. ئەوەشی کە بۆ ئەوان گرنگە ئەوەیە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی ئەخلاقییە و لە زیهنی خۆیدا جۆرێک پێوانە و بەهابەخشینی بۆ ئەو دیاردانە هەیە کە دەیانبینێت و درکیان پێ دەکات. هەربۆیە ئەوان پێیان وایە ئەو هێڵە ئەخلاقییانەی ناو ئاگایی مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ دروستکراوێکی ئەخلاقیی دەستی خودایە. هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە هەر کات و شوێنێکدا کۆمەڵێک بەهای بابەتی بۆ دیاردە ئەخلاقییەکان بوونیان هەیە، (بۆ نموونە ڕەگەزپەرستی، دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، جووتبوون لەگەڵ دایک یان باوک، ئەمانە هەموویان هەڵەن، بەڵام خۆشەویستی بۆ هەژار، یان بۆ هاوسێ و هاوڕێ بۆخۆیان کاری چاکەن) ئێمە درکیان پێ دەکەین.

## ئەنجام:

خراپە وەک هەر دیاردەیەکی تری پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە بۆ ئەوەی بیناسین پێویستە پێناسەی بکەین، هەتا نەبێت بە کردار لە جیهانی مرۆڤدا هەستی پێ ناکرێت، لەبەر ئەوە خراپە پەیوەندی بە دیاریکردنی ئەو بارودۆخەوە هەیە کە تێیدا ڕوو دەدات یاخود ئەنجام دەدرێت. هەربۆیە هەندێک کردەوە هەن کە لە خۆیاندا خراپ نین بەڵکو پاڵنەر و بارودۆخ کاریگەریان لەسەر سروشتی کردەوەکان هەیە و وایان لێدەکەن خراپ دەربکەون. بەو جۆرە خراپە هەموو ئەو کردوانەن کە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێن، دواتر دەبنە مایەی ئازارێکی نەخوازراو بۆ کەسێک کە لەدەرەوەی ویست و پێویستی ئەو کەسەوەن. ئەمەش وا دەکات کە لەگەڵ هەر کردەوەیەکی خراپدا دوو توخمی تری وەک (خراپەکار) و (قوربانی) بوونیان هەبێت. هەموو ئەو توخمانەش پێوستیان بە توخمێکی تر هەیە ئەویش (بینەر یاخود گەواهیدەر)ە، بۆ ناسینەوە و بڕیاردان لەسەر سێ توخمەکەی تر.

## سەرچاوە کوردییەکان:


١. عامری، سامی (٢٠٢١). کێشەی شەڕ. وەرگێڕانی: مەودوود جەبار. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن.

٢. ئیبراهیم، زەکەریا (٢٠١٣). کێشە فەلسەفییەکان: کێشەی مرۆڤ. وەرگێڕانی: محەمەد مستەفا، چاپی دوهەم. سلێمانی: چاپخانەی بوون


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


1. Adams, Guy B. and Balfour, Danny. L (1998). The Mask of Administrative Evil. Thousand Oaks. London New Delhi: SAGE Publications, International Educational and Professional Publishe.
2. Anderson, S. Leigh (1990). ‘‘Evil’’ The Journal of Value Inquiry 24, no. 1. p 43-53. (Kluwer Academic Publishers. Printed in the Netherlands).
3. Baumeister, Roy. F (1997). Evil: Inside Human Cruelty and Violence (New York: W. H. Freeman and Co.
4. Berger, Peter L. and Luckmann, Thomas (1991). The Social Construction of Reality. A Treatise in the Sociology of Knowledge Paperback. England: Published by the Penguin Group, Harmondsworth. Middlesex.
5. Calder, Todd, "The Concept of Evil", *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2022 Edition), Edward N. Zalta & Uri Nodelman (eds.), forthcoming URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2022/entries/concept-evil/>.
6. Calder, Todd. "The Concept of Evil", *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2022 Edition), Edward N. Zalta & Uri Nodelman (eds.), forthcoming URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2022/entries/concept-evil/>.
7. Fish, Stanley Eugene (1973). How Ordinary Is Ordinary Language. New Literary History, Vol. 5, No. 1. What Is


[3*] ڕەشبینی دۆخێک یان هەڵوێستێکی دەروونیی نەرێنییە، پێیان وایە لە بارودۆخێک و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پێشبینی دەرئەنجامیکی نەخوازراو دەکرێت. ڕەشبینەکان خواستی ئەوەیان هەیە سەرنجیان لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ژیان بەگشتی هەبێت. لێرەوە لە هەناوی ڕەشبینیدا جۆرێک فەلسەفە دروست بوو کە بە ڕەشبینی فەلسەفی ( Philosophical pessimism) ناوبرا؛ ئەویش فەلسەفە یان جۆرێکی جیهانبینییە کە بەهایەکی نەرێنی بۆ ژیان یان بوون دادەنێت. ڕەشبینە فەلسەفییەکان بە شێوەیەکی باو دەڵێن جیهان بڵاوبوونەوەی ئەزموونی ئازارەکان بەسەر چێژەکاندا (خۆشی) لەخۆدەگرێت، ژیان لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە یان لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی لایەنی نەرێنی بوونەوەرە زیندووەکانە و بوون لە بنەڕەتدا بێمانایە یان بێ ئامانجە. (Schopenhauer,1996, P 352).

Literature?. Published by: The Johns Hopkins University Press. P. 41-54.

8. Formosa, Paul (2008). A Conception of Evil. *Journal of Value Inquiry*, 42 (2): p.217–239.
9. Garrard, Eve (2002). Evil as an Explanatory Concept, Vol. 85, No. 2, APRIL. Oxford University Press, pp. 320-336.
10. Jeffery, Renée (2008). Evil and International Relations: Human Suffering in an Age of Terror. Palgrave Macmillan.
11. John G. Stackhouse Jr (1998). Can God Be Trusted? Faith and the Challenge of Evil. New York Oxford: Oxford University Press.
12. Kant, Immanuel (1996). Religion and Rational Theology, trans and ed. by Allen W. Wood and George di Giovanni. Cambridge: Cambridge University Press.
13. Katz, F. Emil (1993). Ordinary People and Extraordinary Evil: A Report on the Beguilings of Evil, state University of New York.
14. Kekes, John (2005) . The Roots of Evil. Ithaca and London: Cornell University Press.
15. Lycan, William G (2008). Philosophy of Language. Second Edition. Routledge Contemporary Introductions to Philosophy. New York: Loyola University of Chicago.
16. Morton, Adam (2004). On Evil Thinking in Action. Taylor & Francis Routledge.
17. Pocock, David (1985). ‘‘Unruly Evil,’’ in The Anthropology of Evil. ed: David Parkin. Oxford: Blackwell.
18. Rorty, A. Oksenberg (2001). The Many Faces of Evil: Historical Perspectives. London: Routledge.
19. RUSSELL, LUKE (2006). Evil-Revivalism Versus Evil-Skepticism. Department of Philosophy. University of Sydney. Sydney. The Journal of Value Inquiry (40). p 89–105.
20. Scarre, Geoffrey (2004). After Evil: Responding to Wrongdoing. Aldershot, England: Ashgate.
21. Schopenhauer, Arthur (1996) The World as Will and Representation. Vol. 1 .Dover Publications.
22. Singer, M. G. (2004). The Concept of Evil. Philosophy, 79(308), 185–214. http://www.jstor.org/stable/3751971
23. Singer, Marcus G. (2004), The Concept of Evil, Philosophy. Volume null. Issue 02 / April 2004, p. 185-214.
24. Spinoza (2002). Complete Works. translated by Samuel Shirley and others; edited, with introduction and notes, by Michael L. Morgan. Indianapolis I Cambridge: Hackett Publishing Company, Inc.